www.kurdistannet.org
9-7-2006 23:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ بەرچاوی بەرپرس و خەمخۆرانی شاری کەرکوک (ئەگەر هەن... !!!) ... سلمان محمد فرج

لە دەستپێکی هەموو نوسین و دانیشتن و چاوپێکەوتنێکدا لەمەڕ کەرکوك و دۆزی کەرکوك، دەنوسرێ یا دەوترێ: (کەرکوك شارێکی وێرانەیە و سوتاوی دەستی سیاسەتە شۆفینیستییەکەی رژێمی لەکارخراوو گۆڕبە گۆڕی حزبی بەعسە) . بەڵێ ئەمە راستەو بەڵگە مێژووییەکانی ئەوەندەساڵەی حکومڕانی ئەو دڕندانە گەواهی دەری ئەو دەستێپەکەن. بۆ سی ساڵ و زیاترە بەئاگرو ئاسن مامەڵە لەگەڵ ئەو خەڵکە زەحمەتکێش و بەشەرەف و خۆڕاگرەی ئەو شارەدا دەکرێ و ئەوی مانای ماف بووبێ بۆ هاوڵاتیانی کەرکوك لە بیرو هزرو پەیڕەوو بەرنامەی بەعسدا نەبووە و هەموو دەم لە نانەوەی کێشەو گرفتی ئەتنی و قەبیلی و ئاینی و مەزهەبیدا بووە بۆ دانیشتوانی ئەو شارە. هەرچی زوخاوی تاڵ و رەشە بەگەروی گەورەو بچوکی ئەو شارەدا رۆچووە، بەهەر حاڵ لە بەرامبەر ئەمەدا ئەوەندەی توانراوە شۆڕشی بۆکراوەو خۆفیداکاری تێدا ئەنجامدراوەو چەندین هەڵقە لەگوێی پیاوانی بەعس بەسزای گەل و نیشتمان گەیەنراون (زۆرێکیانیش ماون) وخۆپیشاندانی خوێناوی بۆ سازدراوە، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی ئەرزیەتی راپەرین بسازێ و سەرجەم خەڵك دژ بەو دام و دەزگا سەرکوتکەرانەی بەعس بێنە دەست وشار بەدەریان بکەن. تا ئێرەو بەس بێ... ئەوە پێشینەی ئەوەندە ساڵەی خەڵکێك بێ کە لە هەموو خۆشی و ئۆخژنییەکی ژیان بێبەش بن و سەراپای ژیانیان لە چەرمەسەری و راکە راکەی مان و مردن بێ، هەق نییە بەرپرسان و خۆ بە لێپرسراوزانەکان شەو بدەن بەدەم رۆژەوەو رۆژیش تا درەنگانێ لە خزمەتی ئەو خەڵکەبن و ژیانیان بۆ دابین بکەن و ئاسایشی خۆیان و ماڵ وسەروسامانیان بپارێزن و بۆ دابین بکەن... ئەی میللەتێك ئەوە رابردووی دوورو نزیکیان بێت هەق نییە لەوە زیاترو زیاتریان بۆ بکرێ... ؟؟؟ بەڵام بەداخەوە و سەد حەیف ومەخابن... ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێ بەو خەڵکە گوناح و بەستەزمانانە، رەنگبێ ئەوەی پێشوو بەسەد ئاو شۆرابێتەوە لەچاو ئەم رۆژە پڕ کارەسات بارانە... [ ئەوەتا لەرۆژی (18 / 6 / 2006) کاتێ کە پیاوەکانی پارێزگاری کەرکوك وەکو پیشەی رۆژانە و پێش دەرچوونی پارێزگار بۆ دەوامی رەسمی.. دەرۆنە ئەو راستە شەقامەی لای مزگەوتی خانەقاو تا ئەو سەری نەخۆشخانەی کۆماری بەبان و خوارا بە کلاشنکۆف و BKC تەقەدەکەن و خەڵکی دادەچڵەکێنن و منداڵ زارەتەرەك دەکەن و دەیان و دەیان شتی ناتەندروستی دیکەی لێدەبێتەوە... !!! بەهەر حاڵ ئەو رۆژەی کە خۆم بەچاوی خۆم بینیم مەگەر لە رۆژە رەشەکان دیبێتم و بڕواو نەگەڕێتەوە... سەر لەبەیانی (18) مانگ دووبارەی ئەو سیناریۆ بێتام و رەزاگرانەی حمایەکانی پارێزگار بوو، سەیارەیەك لە پێش بانکی سەر پردی دووەم وەستا بوو، وابزانم بۆ کاری بانك و پارەی دادەگرت بۆ بانك.. حمایەکان بەرەو سەیارەکە چوون.. دوو پۆلیسی پاسەوانی بانك لە نزیك سەیارەکە وەستابوون و پۆلیسی هاتووچۆکەش لەوەلاوە راوەستابوو حمایەکان خوڕییان و (ئەو سەیارەیە لابدەن لەوێ.. کێ دەڵێ لوغم رێژ نییە... دەی کوا کێ خاوەنیەتی.. ؟؟؟)، پۆلیسی پاسەوانی بانك ووتیان براگیان ئەو سەیارەیە سەیارەی مەنتوجاتی نەوتەو بە ئاگاداری ئێمە لێرە وەستاوەو پارەی هێناوە بۆ بانك و ئەوە پۆلیسی هاتووچۆکەشمان ئاگادارکردۆتەوە.. ئیتر تۆ مەیکەو خوا بۆتی بنێرێ یەك لە حمایەکان سێ چوار فیشەکی کرد بەئاسماندا و لوولەکەی نایە زەوی و ووتی لاینەدەن دەیدەمە بەر فیشەك... ئەوە بوو هەردوو پۆلیسی پاسەوانی بانك لەترسی شەڕو فیشەك و مەشاکیل هەڵاتن بەرەو بانك و حمایەش بەدوایاندا بۆ ناو بانك و دەرگایان دایە بەر شەپاڵ و بە هوروژم چوونە ژوورێ، پۆلیسیان گرت و هەرچی گیانی هەیە بەشەق و قۆناغە تفەنگ و پێلەقە شکاندیان، داوای پۆلیسەکەی دیکەیان کرد کە نەزانرابوو لەترسی شەق و قۆناغە تفەنگ لە چ کونێك

خۆی حەشاردابوو... پاشان هێنایان و خەڵکەکەی بۆ مەعاش وەستابوون لەوێ ووتیان بیکەن بۆخاتری خوا لێیان گەڕێن و خۆ هیچیان نەکردووە... بەڵام بێسوود بوو سەروگوێلاکی ئەوشیان بەدەردی هاوڕێکەی برد و بەپێلەقە بردیاننە دەرەوەو سواری پشتی لاندکرۆزی (جام تاريك) یان کردن و یاالله و مەگەر خوا بزانێ بۆ کوێ و لەوێ چییان بەسەرهاتووە... ]. ئەمەیە پاداشتی ئەو میللەتە.. ؟؟؟!!! ئاخر تەفسیری ئەمە چۆن دەکرێ.. خۆ ئەگەر ئێمە کۆڵکە خوێندەواریش بین ئەوەندە فاممان هەیە بزانین هەندێ کەس و شەخێیات و شوێن هەنە و دەوترێ (حێانە) یان هەیە، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم (بانك) یەکێکە لەو شـــوێنە گرنگانەی کە (حێانە) ی هەیە و خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیەتی (وابزانم جەنابی پارێزگار بەحوکمی ئەوەی دەرچووی یاسایە و پارێزەربووە، ئەم بابەتە چاکتر دەزانێ!!!)، ئەی چۆن جورئەت کرا یا ئەو حمایانە چ ئیعازێکیان لە پارێزگار یا سەر دەستەی حمایەکانەوە وەرگرتووە کە بتوانن پەلاماری شوێنێکی وەکو بانك بدەن و پۆلیسەکانی پاسەوانی ئەو بانکە مارکوژ بکەن و پاشان لەپێش چاوی ئەو خەڵکە ریچیان بکەن و بۆ سجنیان بەرن.. ئەمە لە یاساو کلتوری کام وولاتی تۆتالیتیری و شۆفێنی دا هەیە و بەدی دەکرێ... ؟؟؟!! ئەدی جەنابی پارێزگار هەڵوێستی چی بوو؟؟ بانگی ئەو دووسێ حمایەیەی خۆی کردو محاسەبەی کردن یا ئیکرامییەی دانێ بۆ ئەوەی زیاتر بەگژ خەڵکیدا بچن... ؟؟؟!!! بەهەر حاڵ ئەوەی من بینیم لە فەراشەوە تا بەڕێوەبەری ئەوبانکە بەو هەمووخەڵکەی کەلەوێش وەستابووین ئەوی مانای غیرەت بووبێ نەمان بوو... دەبایە هەموومان بە هۆهاو بەرد باران و ئەوانیش بەتفەنگەکەی دەستیان، ئێمە سەری یەك دوویەکیانمان بشکاندایەو ئەوانیش سەد دووسەد کەسیان لە ئێمە بریندار و بکوشتبایە.. !!! ئەی ئەوە وەزعە هەر بەرپرسێك کاتی پێویستی بە میللەت بێ باسی مافی بۆ بکات و کە بوو بە بەرپرس و پۆستەکەی مسۆگەرکرد، ئەوا ئەو دەم ئاغاو بکوژو ببڕ خۆی بێ و کەس نەوێرێ سەیری پاسەوانەکانیشیان بکات.. نەخوازەڵا خۆیان!!! ئاخر کەی ئەمە رەوایە... ؟؟؟ باشە ئەوا ئەو خەڵکە هەموو لەو مرۆڤانەبووین کە دەستمان گرتووە بەکڵاوەکانمانەوە، بەڵام خۆ مودیرە فەنی ئەو بانکە کە وەکو باوکی ئەو فەرمانبەرو فەراش و پۆلیسانە وایە، ئەی ئەو جەنابە هەڵوێستی چی بووە دەرهەق بەو پاسەوانانەیان... دەبایە لەوێ بڕیاری مانگرتنی فەرمانبەرو فەراش و حەرەسەکانی بدایە تا ئەو رۆژەی ئەو تەعداکەرانە بەسزای خۆیان دەگەیشتن... بەڵام بۆ؟... تەنانەت خۆشی نیشان نەداو نەهاتە دەرەوە بەدەم هاوارو شاتەشاتی حمایەکان.. نازانم لەوە دەچێ ئەوبەڕێوەبەرە کورسییەکەی خۆی گەلی خۆش بوێ و بەگرانی و بەخوێن دەستی کەوتبێ.. !!؟؟؟ کورە نانێك بەو کولەمەرگییەو بەو دەردی سەگە بێت ئەوسا نەك هەر کڵاو هەقە سەریش لەخزمەتیابێت و بکرێتە قوربانی.. ئەی بێدەنگیت یانی هەوڵدان بۆ دروستکردنی دیکتاتۆر و بخورو بکوژ... !!! خەڵکی چاك دەزانین کە پارێزگار پێش پرۆسە چ کارەو چۆن ژیاوە.. راستە ئەگەر نەبوایە بە پارێزگار چاوی تیرۆریستانی ئەوەندە لەسەر نەدەبوو... ژیانی نەدەکەوتە خەتەرناکییەوە... بەڵام ئەو پیاوە کوڕی ئەم میللەتەیەو کەرکوکیش خۆتان ووتەنی (متعدد الجنسيات) ـەو با بەدەستی خۆمان دوژمنی زیاتر بۆخۆمان دروست نەکەین و نەبینە دروستکەری خەڵکی تیرۆریست و خەڵکیش قین ئەستورتر نەکەین... داواکاریشم بەڕێز پارێزگار ئیجرائاتی توندی دەرهەق ئەو پاسەوانانەی خۆی کردبێ کە بەرای من کەمترین سزا بەندکردنیان بۆ یەك مانگ و پاشان دەرکردنیان لەسلکی پاسەوانی... دەنا زۆر لەبەرپرسان خۆیان باشن و کردارو کردەوەی چاك و باشیان هەیە، بەڵام لەلایەن پاسەوانەکانیانەوە رەشکراون... بەهیوای زووتر چارەسەرکردنی ئەو گرفتە لاوەکیانە کە خەریکن زیاتر خەڵکی بیزار دەکەن و میللەتیش کە رق ئەستور بوو دژ بەبەرژەوەندی هەڵسووکەوت کرا، رەنگبێ زۆر خراپ بکات.. !

کرکوك / 2006